# فیلمی هەوابار/کلایمەت >

## گۆڕانی ئیکۆسیستەمەکان

گۆڕانەکانی هەوابار لەسەر ئیکۆسیستەمەکان لە سەرانسەری جیهان کاریگەری دادەنێت، و زۆرترین زیان بە جەمسەری باکوور دەگات. لێرە ئێمە هەر ئێستا هەندێ دەرەنجام وەک گەرمتربوونی دەریاکان، تاوانەوەی سەهۆڵی دەریا، زیاتربوونی دروستبوونی پلانکتۆن و کۆچکردنی گیاندارە جۆربەجۆرەکان دەبینین. لە درێژماوە دا ڕەنگە ئێمە تووشی هەندێ پاشهاتی زۆر خراپ ببین کە تا ئێستا نموونەیمان نەبینیوە.

### ئەو ئەرکانەی کە دەبێ بەرلە سەیرکردنی فیلمەکە ئێوە تەماشای بکەن

1. ئیکۆسیستەم چیە؟
2. پێنج نموونە لە ئیکۆسیستەمە جیاوازەکان ناو ببە.
3. چ جۆرە ئاژەڵگەلێک تایبەتی ئیکۆسیستەمی جەمسەری باکوورن؟
4. بە ڕای تۆ کاتێک پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە چی بە سەر ئیکۆسیستەمی جەمسەری باکوور دێت؟

### ئەرکەکانی پەیوەست بە فیلمەکە

1. بۆچی لەم ساڵانەی دوایی دا بەرهەمهێنانی مەوادی خاو لە جەمسەری باکوور زیاتر بووە؟
2. گۆڕانی ژیانی ئاژەڵی لە ئۆقیانووسی جەمسەری باکوور دا بە چ شێوەیەکە؟
3. ئەسیدیبوونی ئۆقیانووس دەتوانێت ببێتە هۆی چ شتێک؟
4. سیڵی ئەڵقەیی چۆن وابەستە یە بە سەهۆڵی دەریا؟
5. گەرمتربوونی هەوابار دەبێتە هۆی بەفر یان بارانی زۆرتر لە جەمسەری باکوور. ئەمە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە وەرزی بەهار دا بەفر درەنگتر یان زووتر بتوێتەوە. ئێلیزابێت کووپەر تاقیکردنەوەیەکی ئەنجام داوە بۆ ئەوەی کاریگەریی درەنگتر تاوانەوەی بەفر لێکبداتەوە. ڕوونی بکەوە کە ئەو چۆن تاقیکردنەوەکەی ئەنجام دا؟
6. ڕوونی بکەوە کە درەنگتر تاوانەوەی بەفر چۆن کاریگەری دادەنێت لەسەر ژیانی ڕووەکی و بەشەکانی تری ئیکۆسیستەم؟
7. ڕوونی بکەوە کە تاندرا چۆن کەربۆن کۆ دەکاتەوە، و ئەمە چۆن دەگۆڕدرێت ئەگەر تاندرا بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژێر بەفر دا بمێنێتەوە؟

### ئەرکە دژوارەکان

1. تێکستێکی کورت بنووسە لەبارەی ئەوەی کە چۆن فاکتۆرە بێگیانەکان لە جەمسەری باکوور دا گۆڕاون، و ئەمە چۆن کاریگەری دادەنێت لەسەر فاکتۆرە گیاندارەکان. دەتوانیت هەندێ نیگار و سکێچ بکێشیت یان هەندێ وێنە بدۆزیتەوە کە یارمەتیی تێکستەکە بدات.
2. بۆچی پێتوایە ئیکۆسیستەمی جەمسەری زیاتر لە ئیکۆسیستەمی شوێنەکانی تری جیهان لە

مەترسی دا یە؟